# دیاردەی خۆشەویستی لە دەقی شیعری (دیارم دەیری عیشقە)ی مەحویدا

**ئارام محمد قادر**

وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە دەقە شـــیعرێكی مەحوی بە نـــاوی (دیـــارم دەیری عیشـــــقە) دەكـــاتە چەقی لێكۆڵینەوە و بە ڕەچـاوكردنی ڕاڤە و بیروبۆچونی مامۆســـتایان و لێكدەرەوانی دیوان و شـــیعرەكانی مەحوی، دوبارە شـــیعرەكە لێكدەداتەوە و كۆمەڵێک جیاوازیی و واتای تازەش بۆ هەندێک دەستەواژە و لایەنە جوانكارییەكانی دەقە دەخاتەڕو، هەروەک دید و تێڕوانینی مەحویش لەمەڕ چەمكی (مەحەببەت) شیدەكاتەوە، خوێندنەوەیەكی كۆمەڵناسیش لەسەر خودی بۆچونەكانی شـــاعیر و چەمكی (مەحەببەت) دەكات و وەكو ڕێبازی ژیانیش باســـی (مەحەببەت) دەكات. بەشێوەیەكی گشتی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دو بەشـی سـەرەكیدا دابەشـكراوە، بەشـی یەكەمیان زۆر بە كورتی باس لە ژیاننامەی شـــاعیر دەكات و بەشی دوەمیش لە پاڵ ڕاڤەكردنەوەی دەقە شیعری (دیـــارم دەیری عیشـــــقە) نـــاوەڕۆكی چەمكی (مەحەببەت) شیدەكاتەوە.

**كلیلە وشەكان:** مەحەببەت، عیشق، سوتان، گیانبازی، لەخۆبوردویی.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

**Received:** 21-February-2022

**Accepted:** 27-March-2022

**Published:** 29-September-2022

**Corresponding Author E-mail:**

dr.aram.qadr@gmail.com

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

بەپێی پەندیاری و جوانی ئەفراندنی دەستی پەروەردگار و فەلسەفەی بون؛ لە نێو هەر کۆمەڵگایەکدا دیدو تێڕوانین و کار و پیشەی جیاواز سەرهەڵدەدەن، بەڵام هەمو کۆمەڵگایەک وەک یەک لە جیاوازییەکانی مرۆڤ تێناگەن و سودیش لە دیدجیاوازی و هەمەچەشنی کار و پیشەکانیان وەرناگرن، کۆمەڵگا و نەتەوەی زیندو بەشێوەیەکی تەندروست و ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەدا دەکات و بە بەرنامەش پشتیوانی کارەکتەر و کەسایەتییە کاریگەرەکانی دەکات و پەرەش بە تواناکانیان دەدات، لە دوای مردنیشیان بەرهەمەکانیان بەزیندویی دەمێننەوە و بە نەوە دوای نەوەش دەیانناسێنن، لەناو نەتەوەی کوردیشدا گەلێک سیاسی و ئەدیب و فەیلەسوف و کۆمەڵناس و شاعیر و عاریفی گەورە، لە وێستگە جیاوازەکانی مێژودا سەریانهەڵداوە، جێی داخە بەشێکی زۆری ژیاننامە و بەرهەمی زۆرێک لە زانا و دانا و بیرمەند و شاعیر و گەورەپیاوانی کورد فەوتاون، یاخود ناڕونی و لێڵییان پێوە دیارە؛ بەدیدی بەندەش ئەمە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، گرنگترینیان لێدەخەینەڕو:

**یەکەم**: ناسەقامگیری دۆخی ڕامیاری و نەبونی هێمنایەتی وڵاتی کوردان و دوبارەبونەوەی جەنگ و دەربەدەری و دەیان کارەساتی گەورە و جەرگبڕ.

**دوەم**: سادەیی و خاکیبونی کوردان، زانایانیش کەمتر هەوڵی نوسین و پاراستنی ژیان و بەرهەمەکانی خۆیان داوە.

هەڵبەتە تائێستاش بەشێک لە وردەکاری ژیانی گەورە شاعیر و خواناس و زاهیدی کوردیش (مەحوی) بە لێڵی ماوەتەوە؛ ئەوەشی، کە بەردەستە، لە چەند پەرەگرافێکی کەم تێپەڕناکات و لە چەند سەرچاوەیەکی کەم و دیاریکراو وەرگیراون. بەڵام جێی دڵخۆشییە لەم چەند ساڵەی دوایی، چەند توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەبارەی گەورە عاریفی کوردان (مەحوی) پێشکەش بە خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی کراون، بەڵام نەتوانراوە، کە هەمو لایەنەکانی ژیانی ئەم کەڵە شاعیر و عاریفە بەدەرخەن و تائێستاش بەشێکی زۆری دەقە شیعرییەکانی بەناڕونی ماونەتەوە! ئەم نێوە دێڕەی خوارەوە لە دەقی شیعری (دیارم دەیری عیشقە)ی زانا و عاریف مەحوی، کە دەڵێت:

هەتا مردن مەحەببەت ئیشی زۆرە ڕێزی دەگرم

چەندان جار ڕایچڵەکاندوم و لەبەردەمی ڕاوەستاوم و چومەتە نێو قوڵایی دەقەکە و وشە بە وشەم خستۆتە بەردەم وردبین و ویستومە پەی بە نییەت و ئامانجە دیار و نادیارەکانی پشت دەقەکە ببەم، دەیان جار لەخۆم پرسیوە؛ ئایا ئەرک و ئیشی خۆشەویستی چییە؟ ئایا خۆشەویستی چ ڕۆڵێک دەبینێت لە ئاراستەکردنی مرۆڤ و تەواوی کۆمەڵگای مرۆیی؟ ئایا بەبێ خۆشەویستی کۆمەڵگا بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا خۆشەویستی، هەر ئەو چەمکە بەرتەسک و کەم مەودایەیە، کە لێی تێگەیشتوین؟ یان زۆر فراوانتر و گشتگیرتر و هەمەلایەنترە؟ ئایا


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

پێویست نییە هەمو کار و ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵ بە تام و بۆنی خۆشەویستی لە قاڵب بدەین؟ ئەدی ئەگەر دایانماڵین لە خۆشەویستی چی ڕودەدات؟

بۆ وەڵامدانەوەی هەمو ئەو پرسیارانەی سەرەوە و چەندان پرسیاری تری پەیوەندیدار، بڕیارمدا توێژینەوەیەک دەربارەی تێگەیشتن و تێڕوانینی مەحوی لە (چەمکی خۆشەویستی) لە ژێر ناونیشانی (**دیاردەی خۆشەویستی لە دەقی شیعری (دیارم دەیری عیشقە)ی مەحویدا**) ئەنجام بدەم و خوێندنەوەیەکی وێژەیی کۆمەڵناسی شیکاری، دەربارەی دەقە بکەم و کاریگەری و شوێنەوارەکانی هەبون و نەبونی چەمکەکە ڕونبکەمەوە. سنوری توێژینەوەکەش دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە و هەر بەهەمان دیالێکتیش سود وەرگیراوە لە شیعرەکانی مەحوی بۆ لێکۆڵینەوەکە و بە ڕێبازی وەسفی شیکاری نوسراوە بە خستنەڕوی دێڕە شیعرەکان و دواتر وەسفکردن و شیکردنەوەیان.

## بەشی یەکەم

### 1-1) پێناسەی چەمکی خۆشەویستی

بە هۆی فرەلایەنی چەمکی عیشق و خۆشەویستی، دید و تێڕوانینی جیاوازیش لە بارەی پێناسە و ناساندنی هەیە، ئێمەش هەوڵدەدەین بەشێک لە ڕاو بیروبۆچونی زانایان دەبارەی ناوەڕۆکی چەمکی خۆشەویستی بخەینەڕو:

ئیبن وحەزمی زاهیری لە نامیلکەکەی بە ناوی (طوق الحمامة في الألفة والالاف)دا دەڵێت: (خۆشەویستی بەبێ ئازار و فەنابون بەدینایەت و لە ئاینیشدا حەرام و یاساغ نییە و گەورە پیاوانی ئاینیش دوچاری عەشق و خۆشەویستی بونەتەوە) (الأندلسي٢٠١٢: ١١)

(ئیبن حەزم) لەم دەقەی سەرەوەدا "چەمکی عیشق و خۆشەویستی" لە خۆشەویستی و هۆگری نێوان هەر دو ڕەگەزی نێر و مێدا کورت دەکاتەوە و ئەم پەیوەندیەی نێوانیشیان بە یاساغ و حەرام نازانێت.

لای ئیبن عەرەبی خۆشەویستی هەستی پێدەکرێت، بەڵام پێناسە ناکرێت، ئەو کەسانەش پێناسەیان کردوە پێناسەی دەرئەنجامەکانیان کردوە. (ابن عربی، الفتوحات المكية، ٣٧١)

ئیبنوقەیمیش پێیوایە؛ خۆشەویستی سوتانی هەمو شتێکە لە دڵدا، جگە لە خۆشەویست و مەعشوق و ڕازی دڵی). (الجوزي، ٢٠١٩، ٩٣-٩٤)

هەروەها ڕای وایە: (ویست و خۆشەویستی بناغەی هەمو کارێکن، و هیچ کارێکیش بەبێ خۆشەویستی سەرناگرێت (هەمان سەرچاوە،٩٣)، خواپەرستییش ترۆپکی خۆشەویستییە) (هەمان سەرچاوە،٩٤).

فیساگۆرسیش ئاوا پێناسەی دەکات: ئەو غەریزەیە؛ کە لە ناخدا دروست دەبێت و گەشەدەکات و پێدەگات، کاتێک لەگەڵ هەڵپە یەکانگیر دەبێت، بەهێزەوە خۆی وێنادەکات و دەبێتە هاندەرێک بۆ خاوەنەکەی؛ تا هەوڵی بەدەستهێنانی ئارەزوەکانی بدات. (شهاب الدين٢٠٠٤، ١٢٦)

دکتۆر عادل سادق لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (معنى الحب)دا دەڵێت: دوای خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ دەبارەی (چەمکی خۆشەویستی) و دوای تەواوکردنی سەرجەم بڕگە و بابەتەکانی ئەم کتێبە، تێگەیشتم؛ کە لە بنەڕەتدا؛



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

پێویست ناکات؛ نە هیچ شتێک دەربارەی خۆشەویستییەوە بڵێین و نە هیچیشی لەبارەوە بنوسین، چونکە سادەترین مرۆڤ بە ئەندازەی فەیلەسوفێک و زیاتریش، دەربارەی چەمکەکەی دەزانێت، زۆرجاریش سادەیی و خاکییەتی کرێکارێک باشتر و جوانتر ڕاڤەی چەمکی خۆشەویستی دەکات.(صادق، ١٩٩٣ :٤)

هەروەک دکتۆر گرەی لە کتێبەکەیدا بە ناوی (پیاوان لە مەریخەوە هاتون و ژنانیش لە ڤینۆسەوە) ئاماژە بۆ جیاوازی سایکۆلۆژییەتی هەردو ڕەگەزی نێر و مێ دەکات و بێ ئەنجامبونی خۆشەویستیش دەبەستێتەوە؛ بە تێنەگەیشتنی هەردو ڕەگەزەکە لە سایکۆلۆژییەتی بەرانبەر و ئەمەش وادەکات پرۆسەی خۆشەویستی هەرەس بێنێت.

دەربارەی بنچینەکانی خۆشەویستیش دەڵێت: (پەسنی خۆشەویست و هەستکردن پێی و پەیوەندیی نێوان خۆشەویستەکان سێ پایەی سەرەکی خۆشەویستین) (ابن قيم الجوزية ٧٥١هـ، ١٠٣)

هەر کات ئەو سییانە تەواوبون، خۆشەویستی دادەمەزرێت و بەهێز دەبێت، لاوازی خۆشەویستیش پەیوەستە بە لاوازی یەکێک لەو سییانەوە. کاتێک خۆشەویست لای خۆشەویستەکەی لەوپەڕی جوانیدایە و هەست بە جوانییەکەی دەکات؛ پەیوەندییە ڕۆحییەکانیشیان پتەو و تۆکمەتر دەبن و بناغەی خۆشەویستی نێوانیشیان دادەمەزرێت و ڕەگ دادەکوتێت.

هۆکاری سەرەکی عیشقیش بینینی خۆشەویستە، کە دواتر دڵ ئارەزوی دەکات و بۆی دەسوتێ، ئەمەش هیچ کەسی لێی پارێزراو نییە، بە هێمنی دێت بە وێنەی ئەو دکتۆرەی، کە لە سەرخۆ و بە هێمنی چارەسەری نەخۆشەکەی دەکات.

هەروەک شاعیری گەورە و عاریفی بە ناوبانگی جیهانی ئیسلامی " مەولانا جەلال الديني ڕۆميی" لە دیوانە نایابەکەیدا، بە شاکارێکی کەم وێنە لەسەر عیشق و مەحەببەت دەستپێدەکات و دەڵێت:

بشنو از نی چون حکایت می کند

از جداييها شکايت می کند

واتە: گوێ لە نەی شمشاڵ بگرە؛ کاتێک بەم شێوازە غەمبارە ناڵەناڵە دەکات و چەندەها چیرۆک و ڕاز و نیازت بۆ باس دەکات و سکاڵای جیابونەوەی عاشقان و خۆشەویستان بەگوێی بیسەران دەدات.

لەم بەیتەدا شاعیر دەنگ و سۆزی نەی، بە ئاهوناڵە و داخ و کەسەری ئەو عاشقە دەچوێنێت، کە بۆ جیابونەوە و دابڕانی یار، وەک نەی دەناڵێنێت، پاشان دەڵێت:

سينه خواهم شرحه شرحه از فراق

تا بگويم شرح درد اشتياق

واتە: لە دەردو ئازار و داغی جیابونەوە و پارچەپارچە و تیکەتیکەبونی دڵ و سینەم، دەمەوێت باسی حەز و چێژ و ئاواتی گەیشتن بە "یار" بۆ دڵم باس و شرۆڤە بکەم.

آتش است اين بانگ نای ونيست باد

هرکه اين آتش ندارد نيست باد



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

واتە: ئەم دەنگەی لە نەی دەبیستریت، لەڕاستیدا دەنگی "نەی" نییە و کڵپەی ئاگرە! هەر کەسێکیش ئەم ئاگر و کڵپەی نەبێت (بەم ڕێگایەی خۆشەویستی و عیشقدا نەڕۆیشتبێت) نەبونی باشترە!

آتش عشق است کاندر نی فتاد

جوشش عشق است کاندر می فتاد

ئاگری عیشقە چوە ناو "نەی" و وای لێکرد؛ بناڵێنێت! چوە ناو "مەی" و وای لێکرد، کە کەسی وشیار و بەئاگا، مەست و بێئاگا بکات!

نی حدیث راه پر خون می کند

قصه های عشق مجنون می کند

ناڵەناڵی "نەی" باسی چەندەها چیرۆک و داستانی ڕێگا خوێناوی و خەتەرناکەکان دەکات، کە ڕێگای پڕ شۆر و ئاشوبی عیشقە، باسی چیرۆکە پاکەکانی وەک مەجنون و لەیلا دەکات!

در غم ما روزها بیگاه شد

روزها با سوزها همراه شد

لە مەراق و دەردی عیشقی ئێمە ڕۆژگار لە بن هات و سەرەونگوم بو! ڕۆژەکان بونە هاودەم و هاوڕێی هەمیشەیی غەمەکانمان!

هر که جز ماهی زآبش سیر شد

هر که بی روزی است روزش دیر شد

هەموان تێراو دەبن، جگە لە ماسی، چون تەنها ئەو عاشقی ڕاستەقینەی ئاوە! بۆیە هەرگیز لێی تێرنابێت. هەر کەسیش لە عیشقی ڕاستەقینە بێ بەش بێت ڕۆحێکی سیس و ژیانێکی تاڵی هەیە!! (رومی، مثنوي معنوي، ٤)

## ١-٢) ڕێبازی مەحەببەتی مەحوی

هەرچەندە ناساندنی چەمکی "مەحەببەت" ئاسان و ڕاحەت نییە، بەڵام لە تەوەری پێشودا دیدی هەندێک لە زانا و عاریفانمان لە بارەی ڕاڤەی چەمکەکە خستنەڕو، لەم بەشەشدا دەمانەوێت ڕێباز و ڕاڕەوی مەحوی بۆ چەمکی "مەحەببەت" بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

مەحوی عاریف لەمیانەی ئەم دەقەی خوارەوە (هەتا مردن مەحەببەت ئیشی زۆرە ڕێزی لێدەگرم) هەمو دەستەواژە و پێناسەکانی چەمکی "مەحەببەت"ی تێپەڕاندوە و دەیەوێت پێمان بڵێت: مەحەببەت چەمکێکی ئاسایی و سادە نییە؛ بە چەند وشە و دەستەواژە و دەربڕینێکی کورت پێناسە بکرێت! مەحەببەت و عیشق و ئەوین کاڵایێک نین؛ هەبون و نەبونیان هیچ کاریگەریەک دانەنێت! مەحەببەت ڕێباز و شاڕێگای ژیانە! بەبێ مەحەببەت و عیشقی ڕاستەقینە دنیا خەرابستانە! مەحەببەت هەوێنی هەمو کار و پیشەیەکە، مەحوی لە تەواوی شیعرەکانیدا ئەم ڕاستییانە دوپاتدەکاتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

یەکێک لەڕێگا زۆر باوەکانی لێکدەرەوان و ڕاڤەکەری دەقی شیعری شاعیران، بریتییە لە بەراوردکردنی وشە و دەقەکانی "شاعیر" بە وشە و دەقەکانی تری شاعیرەکە، کاتێکیش وشەی (مەحەببەت)ی هاتو لە دەقە شیعری (دیارم دەیری عیشقە) بەروارد دەکەین بە هەمان وشە و دەستەواژە لە دەقەکانی تری مەحویدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە شاعیر "ڕێگای مەحەببەت و خۆشەویستی" بە شارێگای ژیان هەڵبژاردوە و هەمو بابەتەکانی تریش بەم چەمک و دەستەواژە دەبەستێتەوە، هەروەک لە بەیتێکدا کاتێک باسی کۆچی دوایی باوکی و ڕاسپاردەکانی دەکات؛ دەڵێت :

شەوی ریحلەت پدەر– ڕۆحی مورەووەح! وەسیەتی فەرموو

مەحەببەت مەذهەبت بێ نووری چاوم! مەیکەشی مەشرەب

واتە: باوکم – بەرەحمەت بێ– لە شەوی کۆچی دواییدا؛ وەسیەتی بۆ کردم، کەوا هەمیشە ڕێگای مەحەببەت و خۆشەویستی بگرمەبەر و شەرابی دڵداری دەرخواردی خەڵکی بدەم؛ یان لەسەرچاوەی شەرابی خۆشەویستی خۆم تێر ئاو بکەم. (مودەریس، دیوانی مەحوی ٨٢–٨٣)

هەروەک لە بەیتێکی دەقە شیعری ڕۆژدا دەڵێت:

ڕەهرەوی ڕێگای مەحەببەت وا دەبێ، هەر سەعیەتی

تا هەیە لەم ڕێگە ئاخر کاری سەردانانە ڕۆژ

واتە: ڕێبواری ڕێگای مەحەببەت و دڵداری دەبێ وەک ڕۆژ بێ، تا بەڕێوەبێ هەر هەوڵ بدا و سەرەنجامیشی سەردانان بێ وەکو ئەو.(مودەریس، دیوانی مەحوی ١٨٧)

شاعیر لەم بەیتەدا ئاماژە بۆ کۆمەڵێک هاوکێشە و دەرەنجامەکانی مەحەببەت دەکات، هەڵبەتە یەکێک لە شوێنەوارە هەرە بنەڕەتییەکانی مەحەببەت و خۆشەویستی بریتییە لە لێبوردەیی و بەخشین، مەحوی مەبەستییەتی بڵێت: کەسی عاشق هەمیشە بەخشندە و لێبوردەیە، بە پێچەوانەشەوە؛ هەر کەسێک عاشق و سۆزدار و دڵ پڕ لە ئەوین نەبێت، ناتوانێت ببەخشێت! مەحوی دەیەوێت فێری بەخشندەیی و میهرەبانی و گیانی هاریکاریی و گیانبازیی و یارمەتیمان بکات، بە دڵنیایشەوە هەمو ئەمانە بە کەسی عاشق نابێت ناکرێن!

هەروەک زۆر بە ڕونیش تەبەڕای خۆی لە هەمو ئەو کەس و شوێنانە دەکات، کە خاوەنی مەحەببەت و خۆشەویستی نین و خاڵین لە سۆز و میهر، لەم بارەیەوە دەڵێت:

لەکن من ئەسڵی نییە و نەبووە عەیشی تەنها خۆش

نییە بەهەشتی خودا هەم بە بێ ئەحیببا خۆش

واتە: لای من وایە درۆیە؛ ژیانی بە تەنیا هەرگیز خۆش نەبوە و نابێ، تەنانەت بەهەشتی ماڵی خواش بەبێ دۆست و ئاشنایان خۆش نییە. (مودەریس، دیوانی مەحوی ٢٠٤) لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

دەمێکە شاری پرشۆری مەحەببەت مات و خامۆشە

بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم چ بکەم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

شاعیر لەم بەیتەدا لەسەر هەمان تەریقەی پێشوی باس لە مەزهەب و شارێگای مەحەببەت و ئەوین دەکات و بەحەسرەتیشەوە باس لە پەراوێزخستنی خۆشەویستی دەکات و ئەرکی خۆشی وەک عاشقێک دەخاتەڕو، کە بریتییە لە بەرپاکردنی شۆڕشی مرۆڤدۆستی و فیداکاری و گیانبازی و لێبوردەیی.

مەحوی هەمو سنورە دەستکرد و باوەکان دەشکێنێت و "مەحەببەت" دەکاتە ڕاز و نیازی خۆی و هەمو شتێکیش بە چەمکی خۆشەویستی دەبەستێتەوە، هەر بۆیە لە بەیتێکی تردا دەڵێت:

گەر ئاگری مەحەببەتی شک بەم لە دۆزەخا

ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام

واتە: دڵدار دەبێ عەودالی دوای یار بێ و لە دەلاقەی ئەوەوە سەیری هەمو شتێ بکا. بۆیە من ئەگەر لە دۆزەخیشدا ئاگری خۆشەویستی یار شک ببەم، بەدوایدا دەڕۆم، دۆزەخیشم لەبەر ئەو ئاگری خۆشەویستییە لەلا خۆش دەبێت و بەهەشت لەخۆم حەرام دەکەم.(مودەریس، دیوانی مەحوی ٢٨٨)

بەپێی دیدی مەحوی؛ خۆشەویستی و مەحەببەتی ڕاستەقینە بریتییە لە ڕەفتاری کەسی عاشق بەبێ چاوەڕێکردنی پاداشتی بەرانبەر:

وتم: گەر حاڵی "مەحوی" تێبگەی ڕەم بەم حەدە ناکەی

وتی: ئەو تێنەگەیوە، من پەریم و ئەو بەنی ئادەم

واتە: وتم بە یار: گەر لە حاڵی مەحوی تێبگەیی و بزانی؛ لەبەر خۆشەویستی تۆ چی بەسەر هاتوە؛ بەو ڕادەیە سڵناکەیی و دورناکەوی، کەچی یار لە وەڵامدا وتی: لەبەرئەوە نییە، کە شارەزای حاڵی مەحوی نیم، بۆیە خۆمی لێ نزیک ناکەمەوە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە من پەریم و ئەو ئادەمیزاد و ئادەمیزادیش پەری نابینێ. دیوانی مەحوی ل٣٠٣

هەروەک دەشڵێت :

ببینێ، یا نەبینێ، من داد و بێدادێ دەکەم

گوێ بداتێ، یا نەداتێ، ئاهـ و فەریادێ دەکەم

حەققی ئیخلاسە بەجێ هێنانی ئادابی خولووس

پێ بزانێ یا نەزانێ، من بە دڵ یادێ دەکەم

بێستوونی عیشقی شیرینێک ئەوا هاتوتە پێش

گەر لە حەق بێم و نەیەم، تەقلیدی فەرهادێ دەکەم

ئاوی تێغی وەفقی هەر توشنە لەبێکە، من نەبێ

کارگەر بێ یا نەبێ، لەم مەزڵەمە دادێ دەکەم

دەرسی عیشقم هەر لە کن پەروانە یا بولبول بووە

بیگەمێ یا نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم (مودەریس، دیوانی مەحوی ٣٠٩)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

ناوەڕۆكی هەمو بەیتەكانی سەرەوە دوپاتی ئەوە دەكەنەوە، كە وەك خۆی دەڵێت: حەققی ئیخلاسە بەجێ هێنانی ئادابی خولوس و من هەمیشە لە شارێگای مەحەببەتم و چاوەڕێی هیچ پاداشتێكیش نیم لە یار و مەعشوقی خۆم.

هەروەك لەپێشەوە باسمكرد؛ بەشێكی زۆری شیعرەكانی مەحوی لەسەر یەك هێڵ و بنەما داڕێژراون و نوسراون، ئەویش بریتییە لە مەحەببەت و خۆشەویستی و توانەوە و فەنابون لە ناخ و ڕۆحی مەعشوقدا، ئەم عەشق و ئەوینەی شاعیریش بۆ كۆمەڵێك هۆكار دەگەڕێتەوە، كە دیارترینییان بریتییە لە: پاشخانی ئایینی شاعیر: ئاشكرایە ئایینی ئیسلام و دەقەكانی قورئان و فەرمودە، گرنگییەكی زۆریان بە خۆشەویستی داوە، ئەمەش لەبەر پێگەی خۆشەویستی و دەرهاویشتە گرنگەكانی لە سەر ئاستی تاك و كۆمەڵگا، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێنمایی و ئاماژەی گرنگمان لە ناوەڕۆكی قورئان فەرمودەكانی پێغەمەری خودا (د.خ) دەستدەكەون، لەوانەش: پێغەمپەر (د.خ) فەرمویەتی: (ليس مِنَّا من لم يَرْحَمْ صَغِيرَنَا وَيَعْرِفْ حَقَّ كَبِيرِنَا). (مسند أحمد بن حنبل، ج ٢ ص ١٨٥)، رقم الحديث (٦٧٣٣). سنن أبي داود (ج ٤ ص ٢٨٦) رقم الحديث (٤٩٤٣).

واتە: لەسەر ڕێباز و بەرنامەی ئێمە نییە؛ كەسێك بە بەزەیی و سۆز مامەڵە لەگەڵ پچوكەكانماندا نەكات و مافی گەورەكانمان نەزانێ و بەڕێز و حورمەتیشەوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەكات.

هەڵبەتە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) لەم فەرمودەدا ئاماژە بۆ هاوكێشەیەكی یەكجار گرنگ دەكات، ئەگەر بێتو وەكو خۆی جێبەجێبكرێت؛ زۆرینەی كێشەكانی كۆمەڵی مرۆیی چارەسەر دەبن، بەڵام پێویستە هەر دو بڕگەكە بە یەكەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت، سەرەتا پێویستە گەورە و بابای بەرپرس بە لوتف و سۆز و مەحەببەت و خۆشەویستییەوە مامەڵە لەگەڵ خوار خۆی و ژێردەستەكانیدا بكات، ئینجا ئەوانیش بەڕێز و حورمەت و پێزانینەوە وەڵامی سەرەوەی خۆیان بدەنەوە.

كەواتە: بەپێی چەمكی پێچەوانەیی؛ دەتوانین بڵێین: هەر كاتێك و لە هەر شوێن و جێگایەك بینرا؛ كە بچوك و ژێردەست و هاووڵاتی بە حورمەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ گەورە و بەرپرسەكانیاندا دەكەن، مانای ئەوەیە؛ گەورە و بەرپرسەكانیشیان؛ كەسانی بە لوتف و بەزەیین و ئەركەكانی خۆیان بە باشترین شێوە ڕادەپەڕێنن! بە پێچەوانەشەوە؛ هەر كاتێك بینرا؛ كە بچوك و هاووڵاتی و ژێردەست، لەگەڵ گەورە و بەرپرسەكانیان خاوەن حورمەت و ڕێز نین و لە پاش ملەشدا قسەی سارد و سوكیان پێدەڵێن، مانای ئەوەیە، كە بەرپرس و گەورەكانیان كەسی بەرپرس و دادپەروەر و خاوەن لوتف نین!

هەمو ئەمانەش، دەرەنجامی خۆشەویستین؛ خۆشەویستی و مەحەببەتە وا لە دایك و باوك دەكات؛ هەمو ئاسودەیی و كامەرانیی خۆیان، بكەنە قوربانی منداڵ و جگەرگۆشەكانیان! هەر خۆشەویستی و مەحەببەتە؛ دو كەسی جیاواز لەڕوی نەتەوە و زمان و جوگرافیا و كەلتور، دەكاتە دو هاوڕێی گیانی بە گیانی، كە ئامادەی هەمو قوربانی دانێكیشن لە پێناو یەكتریدا!

هەر مەحەببەت و خۆشەویستییە وا لە هەندێك بەرپرس و گەورە دەكات؛ خیانەت لە ئەركەكانیاندا نەكەن و ئاسودەیی خۆیان و خانەوادە و نزیكەكانیشیان بخەنە خزمەتی فەراهەمكردنی ئاسودەیی هاووڵاتیان و


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

ژێردەستەکانیان! بە پێچەوانەشەوە؛ نەبونی خۆشەویستی و مەحەببەتە؛ وا لە هەندێک کەسی بەناو بەرپرس دەکات؛ کە لە پێناو ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی و چێژی زیاتری خۆیان و کەسە نزیکەکانیان، کەمترین ئاستی دڵنیایی ژیان لە هاوولاتییەکانیان بستێننەوە!

هەر وەکو باسمانکرد؛ خۆشەویستی و مەحەببەت هەوێنی ئاسایش و ئۆقرەیی و کامەرانی و ئاشتەوایی تاک و کۆمەڵە! نەبونیشی دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی و پشێویی و سەرگەردانی و بەدبەختی تاک و کۆمەڵ! هەروەک لە بەیتێکدا دەڵێت:

ڕۆڵە گەر حەز دەکەی ببە شا کوڕ
پەندی مەحوی لە گوێ گرە وەک دوڕ
مەردی ئازادە قەت مەڕەنجێنە
كلّ شيء و لا شتيمة حر

ئەو تەکیە سەببی عیشقی تیا بێ، تیا مەبە
بۆ سوننییە تەوەتتونی موڵکی عەجەم حەرام (مودەریس، دیوانی مەحوی)

هەروەک دەشڵێت:

نەڵێ مەردم کە دنیا پشتی لەو، ئەو ڕوو لە دنیا بێ
کە پووری زاڵە، بۆ چی پیرە زاڵی پێ ڕەزا نابێ!
لە دەروێش و لە شا ئەم فاحیشە ئاخر دەکا حاشا
گەر ئەهلی غیرەتی، بەر لەو لە خۆی و ئەهلی حاشا بێ
ئەگەر تاجت لە سەر کا، سەرتی پێوە قوت ئەدا ئاخر
موبارەک کەی دەبێ ئەو خەلعەتەی وا خەلعی لە دوا بێ
سبەی خاکت بە سەر، وەک من دەبێ تحت الثّريێ جێت
بڵا ئەمڕۆ کە خەوتی مەسنەدت تەختی سورەییا بێ
لە بەر هەر دادەڕنرێ جل، چ پیناوی، چ چیناوی
دەبێتە لوقمە لوقمە پاقلە یا پاقلاوا بێ
برا، فکری چرا! کیبریتی فرسەت تا لە دەستایە
شەوی یەلدا لە پێشە، ڕۆژی عومرت وەختە ئاوا بێ
بکەین ئاهـ و فوغان و ئاگرێ بەردەینە خان و مان
خەراباتی مەحەببەت حەیفە بێ ئاشووب و غەوغا بێ
لەگەڵ فەریاد و گریە حازرە فەریادرەس مەحوی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

لیبکُوا ڕێ دەدا پیری تەریقەت تیفلی ساوا بێ (مودەریس، دیوانی مەحوی)

هەربۆیە ئاینی ئیسلام گرنگیی زۆری بە خۆشەویستی داوە تەنانەت وەک یەکێک لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوداوەند باسی دروستبونی خۆشەویستی نێوان هاوسەران دەکات، وەک لە قورئاندا خوای گەورە دەفەرموێت: [وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً] [الروم ٢١]. دیارە ئەگەر ئەم خۆشەویستییە نەبێت ژیانی هاوبەش و ئارامی و سەقامگیری و بەختەوەری نێوان هاوسەرانیش مانای نابێت:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا؟!

کە خۆ دەرخەی وەکوو خۆر دڵ وەکوو شەونم لە خۆ بڕوا؟!

کە ڕۆحم تێ گەیی تۆ حەز بە دەرچوونی دەکەی، دەرچوو

دەبێ عاشق کە دی بێزارە یاری، بێ برۆ بڕوا

وتم با لەم دەر و لەم کۆیە دا ئانێ سکوونەت کەم

وتی: عاشق دەبێ هەر دەربەدەر بێ، کۆ بە کۆ بڕوا

تەنانەت هێندە گرنگی بە خۆشەویستی دراوە پەیامبەری ئیسلام (د. خ) دەفەرموێت: (لم يُرَ لِلْمُتَحَابَّيْنِ مِثْلَ النِّكَاحِ) صحيح البخاري (ج ٥ ص ٢٢٨٣) رقم الحديث (٥٨١٦). واتە هیچ چارەسەر و ڕێگەیەک نەبینراوە و نییە باشتربێت لە زەواج بە یەک گەیشتن بۆ ئەو دو کەسەی یەکدیان خۆشدەوێت. ئەمەش پێچەوانەی دیدی هەندێکە کە پێیان وایە ئیسلام ڕێگەی بە خۆشەویستی نەداوە، چون وەک لێرە دەبینین کارکردن لە پێناو بەیەک گەیاندنی ئەو دو خۆشەویستە بە باشترین ڕێگە ناودەبات. ئەمە بۆ ژیانی دنیا، بۆ ژیانی دوارۆژیش دەفەرموێت: (الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَب)، واتە مرۆڤ لە دنیادا کەسێکی خۆش بوێت لە ژیانی داهاتویشدا لەگەڵی دەبێت، کە ئیدی ئەمە چلەپۆپەی گرنگیی و پێگە و بەهای خۆشەویستییە، چون بەڵێنی پێکەوەبونی خۆشەویستانی لە ژیانی داهاتودا تێدایە.

تەنانەت لەفەرمودەیەکی تردا؛ بڕوابون و ڕزگاریی بەخۆشەویستییەوە دەبەستێتەوە!! بەجۆرێک بە ڕاشکاوی پێمان دەڵێت؛ بڕواتان نییە؛ گەر یەکدیتان خۆشنەوێت! (قال رسول اللَّهِ صلى الله عليه وسلم لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حتى تُؤْمِنُوا، ولا تُؤْمِنُوا حتى تَحَابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ على شَيْءٍ إذا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؛ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ). صحيح مسلم ج ١ ص ٧٤ رقم الحديث (٥٤). گەر بە وردی لەم دەقە بنوارین، وانەگەلێکی گرنگ دەگرنەخۆ، لەوانە:

١. بڕواداران هەڵدەنێت بۆ ئەوەی یەکدیان خۆشبوێت.

٢. گرێدان و بەستنەوەی وەرگرتنی باوەڕ و چونە بەهەشت بە خۆشویستییەوە!

٣. نیشاندان و فێرکردنی ڕێگایەک، کە وادەکات خۆشەویستی لە نێوانمان دروست بێت و زیادبکات، ئەویش بریتیە لە سڵاوکردن و دەستپێشخەری لە چاکوخۆشی و مەرحەبای ئەو کەسانەی پێیان دەگەین تەنانەت گەر نەشیان ناسین.

٤. وشەی (أفشوا) کە فەرمانە و بە واتای بڵاوکردنەوە دێت، ئەوەی لێوەردەگیرێت کە پێویستە بڕوادار کار بکات لە پێناو پەخشکردنی ئاشتی وئاشتەوایی و ئارامی و هێمنایەتی بە شێوەیەکی گشتی، هەرکات وامانکرد



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

بێگومان یەک لە دەرهاویشتەکانی ئەم ئاشتی و ئارامیە دروستبونی خۆشەویستی و پێکەوەژیان و یەکدی قبوڵکردنە.

یەکێک لە دیارترین دەرهاویشتەکانی خۆشەویستی ئەوەیە مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی بەرژەوەندیی خۆی واز لێ بێنێت لە پێناو ئەو کەس و کۆمەڵ و مرۆڤایەتیەی کە خۆشی دەوێت، چون بە واتایەکی دی بەرژەوەندیی ئەوان بە هی خۆی دەزانێ؛ ئیدی من و تۆ، ئێمە و ئەوان، بۆ من و بۆ تۆ، لە گۆڕێ نامێنێت، کۆمەڵ بەڕاستی دەبنە خوشک و برا و کەسی یەکدی، نیشتمان دەبێتەماڵی خۆت و مرۆڤایەتی دەبێتە خێزانێکی گەورە، بۆیە خوای گەورە لە نیشانەکانی خۆشویستندا دەفەرموێت: [وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُون] [الحشر ٩]. واتە: بەگیانی لەخۆبوردن واز لە بەرژەوەندیی خۆیان دێنن لە پێناو بەرانبەردا، هەرچەند خۆیشیان بەرژەوەندیی و پێویستیان لەو شتانەدا هەبێت کە وازیان لێدێنن، ئەوانەی واز لە ڕژدی و چروکی و قین لە دڵی و ئێرەیی دێنن، ئەوانە ڕزگار و براوە و سەرکەوتو و نەجاتبوەکانن.

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە: خۆشەویستی ڕاستەقینە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و لەخۆبوردە بونیاد دەنێت، خۆشەویستی ڕاستی؛ ڕق و کینە و ئیرەیی و دژایەتی دەفەوتێنێت، خۆشەویستی وا دەکات مرۆڤ لە ژیانی کەسی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و کار و پیشەدا سەرکەوتوبێت، خۆشەویستی وا دەکات بەرانبەر قبوڵ بکەین، لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ببورین، تۆوی هاوکاری و برایەتی و تەبایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەچێنێت. بۆیە هەمو ئەمانە وا لە مرۆڤ دەکەن کاتێک گەیشتە ئەو پلەیە: کینە لە دڵیدا نەمێنێت و هەموانی خۆش بوێت و وەک عاریفەکان دەڵێن: (لە خۆشەویستیدا فەنا ببێت) ئیدی هەست بە چێژی ژیان و بەختەوەریی و تەندروستی دەکات، گەشبین دەبێت، هزر و بیر و ئاوەزی فراوانتر دەبێت، لە کارەکانیدا سەرکەوتو دەبێت، گرنگتر لەمانە ئەوەیە: کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەو پلەیە ئیدی ناتوانێ یاخود نایەوێت درۆ بکات، ناپاکی بکات، زیان بگەیەنێت؛ چون خۆشەویستییەکەی ڕێگرە، زۆر بەکورتی وێنەی دایکو باوک بێنینە پێش چاوی خۆمان چۆن خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان پاڵنەرە بۆ هەمو چاکەیەک لەگەڵیان، و ڕێگرە لە گەیاندنی هەر زیان و خراپەیەک بەرانبەریان. هەمان بەراورد بکەین لە نێوان مرۆڤانێک خۆشەویستی ڕاستەقینەیان هەیە بۆ تاک و کۆمەڵ و نیشتمانیان، کەواتە خۆشەویستی واتە ژیان، چون وەک زانایانی دەروونناس دەڵێن: خۆشەویستی هەمەچەشن و جۆرە، لە خۆشەویستی خود دەست پێدەکات تا دەگاتە خۆشەویستیی خێزان، گەردون و سروشت و بەدیهێنەر، هاوڕێ، کار و پیشە...

مەحوی لە لەخۆبوردویی و گیانبازیدا هەمو سنورەکانی تێپەڕاندون و لەسەر ڕێبازی مەحەببەت و خۆشەویستییەکەی خۆی، هیچ کاتێک چاوەڕێی پاداشتی بەرامبەر نەبوە:

بە دەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم، بڕوانە چۆنم بۆت!

دەروونم کەیلی زووخی دەرد و غەم، بڕوانە چۆنم بۆت!

ڕەقیبی سەگ حەزی بوو، کوشتمت، سەیری کە چۆنی بۆم

دوعا بۆ دەست و تێغت من دەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت!



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

به غەدداری نە وەک ناوت بەرن، بمئەنجنی، قەت من
شکاتی جەوری تۆ بەر کەس دەبەم؟ بڕوانە چۆنم بۆت!
هەناسەی ئاگرینم بردەوە بەر، تا دەروونم سووت
بە ناڵە تا دڵت سەخڵەت نەدەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
بیانوو بگرە، شێوەی خۆت بشێوێنە بە من کوشتن
وەها چاوی بەدت لێ لا دەدەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
بە ئاوی گریە هەر دەم ناوی چاوم شتووە، نەک جێت
بە خوێن ئاغوشتە بێ، تۆ، چاوەکەم، بڕوانە چۆنم بۆت!
غەمی خۆشی نیە مەحوی لە دڵیا، هەر غەمی تۆیە
لە عیشقتدا دەکەم غەم بۆ بەغەم، بڕوانە چۆنم بۆت

## بەشی دوەم

## ڕاڤەکردنەوەی دەقە شیعری (دیارم دەیری عیشقە)

دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سوتن بێ لەوێ دەگرم
کە من مشتێ چڵ و چێوم، بەچی بم، کەڵکی کێ دەگرم؟

زۆربەی لێکدەرەوان و ڕاڤەکارانی دیوان و دەقەکانی مەحوی پێیانوایە، کە دەستەواژەی (دیار) کۆی وشەی (دار)ی عەرەبییە، (دار)یش بە واتای ماڵ و شوێنی حەوانەوە دێت. (پەڕاوێزی دیوانی مەحوی) (دەیری عیشق) بە شوێنی ڕەبەنە مەسیحییەکان لێکدراوەتەوە/ (عەبدولا قەرەداغی ٢٠١٢، ٨).

لە بەکارهێنانەکانی خەڵکیشدا؛ بە (دێر) خوێنراوەتەوە

(جێ بە سوتن بێ لەوێ دەگرم) بەو پێیەی وشە و یەکەکانی برگەکانی کۆتایی نێوە دێڕی بەیتی یەکەم زۆر ڕونن، بەجیا ڕاڤە و لێکدانەوە لەسەر هیچ کامێکیان ناکەین، بەڵکو واتای گشتی هەمو نێو دێڕەکە بەیەکەوە دەخەینەڕو، بەڵام بەر لە لێکدانەوەکە دەمەوێت؛ سەرنجێکی بچکۆلانە لەسەر خاڵبەندی ڕستەی سەرەتای نێوە دێڕی یەکەم، بخەمە بەر دیدی خوێنەری ئازیز، ئەوەی لە دیوانەکەی شاعیر بەدیدەکرێت؛ دیارم دەیری عیشقە، هەموی بەیەک ڕستە هاتوە و کۆمای یەکەمیش لە دوای وشەی (عیشقە) دانراوە، کە بەدیدی بەندە وا پێویست دەکات، کە لەدوای وشەی (دیارم) کۆمای یەکەم دابنرێت، دواتریش لەدوای وشەی (عیشقە) کۆمای دوەم دابنرێت، ئەوکاتەش لێکدانەوەی تەواوی نێو دێڕی یەکەمی ئەم بەیتە؛ بەمشێوەیە دەبێت: شوێن و جوگرافیایی ڕاستەقینەی نیشتیمانی من، تەنها دێری عاشقانە ئەو شوێنانەن، کە یاساکانی عیشق تێیاندا سەروەرن (هەمان سەرچاوە ١٤).

هەربۆیەش شاعیری عاریف دەڵێت: لە هەر شوێن و جێگایەکدا سوتان و فەنابون و توانەوە هەبون، منیش هەم و لەوێ دەگیرسێمەوە و هیچ شوێنێکی تر بە شوێن و مەنزڵ و قەرارگای خۆم نازانم! مەحوی بەم وێنایە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

خودییە بۆ ژیان و دەوروبەر، دەیەوێت پێمان بڵێت: کە خاوەنی هیچ شێتکی سەر ئەم زەمینە نییە و خۆشی بە ڕێبوار دەزانێت، ئەمەش پاڵپشتی ئەم واتایە دەکات، کە بۆ نیوەی سەرەتای نیوە دێڕەکە هەڵبژارد.

(کە من مشتێ چڵ و چێوم، بەچی بم، کەڵکی کێ دەگرم)

لە دیوانەکەی مەحوی و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریمدا هاتوە: کە من بە هۆی دەردی دڵدارییەوە ئەوەندە لەڕ و لاواز بوم، بوم بە مشتێک چڵ و چێو و کەڵکی هیچم پێوە نەماوە، ئیتر بۆچی بمێنمەوە؟ با لەوێ بۆ خۆم بسوتێم.(مودەڕیس، دیوانی مەحوی١٣٩٢، ٢٩٣)

بە دید و تێڕوانینی بەندە؛ ئەم واتایەی سەرەوە خزمەت بە چوارچێوەی گشتی شیعرەکە ناکات و توانای بەستنەوەی سەرجەم بەیتەکانی بە غەزەل و ڕازی بنەڕەتی شیعرەکە نییە، بەدیدی من؛ شاعیر لەم نیوە دێڕەدا دەیەوێت پاساو بۆ ناوەڕۆکی نیوە دێڕی سەرەتا بێنێتەوە، دەیەوێت پێمان بڵێت و بۆمان بسەلمێنێت؛ کە بۆچی تەنها شوێن و جێگای خۆشەویستی و دێری عاشقان و شوێنی فەنابون و توانەوە بە تاکە مەنزڵ و ئارامگەی خۆی دەزانێت؟! مەبەستییەتی بۆمان ڕونبکاتەوە، کە بۆچی سوتانی هەڵبژاردوە؟ مەحوی دەڵێت من بە بەراورد بەو دنیا پان و بەرینە تەنها مشتێک چڵوچێوم و جگە لە توانەوە و سوتان و فەنابونیش هیچ شتێک شایستەی ئەم دونیایە نییە، ئەمەش ئەوپەڕی جوانبینی و دونیانەویستی ئەم عاریفە گەورە دەسەلمێنێت، کە هیچ بەهایەک بۆ شتە ماددییەکان دانانێت و لە بەرانبەریشدا خۆی بەڕابەرانی ڕێگای تەریقەت دەزانێت و خاوەنێتی خۆشی بۆ جوگرافیای خۆشەویستی دەسەلمێنێت، بڕگەکانی دواتریش پشتیگری ئەم لێکدانەوە دەکەن.

نەگەییە دامەنی دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی ڕێی

تەریقەی گۆشەگیری بەردەدەم، ئەمجارە ڕێ دەگرم

هەڵبەتە قسەی جیاواز لەسەر لێکدانەوە و شێوازی خاڵبەندییەکەشی کراوە، بەپێی دیوانەکەی مەحوی، بە لێکدانەوە مەلا عبدالکریم و موحەمەدی مەلا کەریم، یەکەم کۆما لە دوای وشەی (دوعا) دانراوە، بەمشێوەیەش لێکدراوەتەوە: هەرچەندە لە گۆشەگیریدا دەستی پاڕانەوەم نەگەیشتە داوێنی یار، بۆیە لەمەولا خۆم دەکەم بە خاک تا بەسەرمدا گوزەر بکا و گەردەکەم داوێنی بگرێ. بۆ ئەم مەبەستەش واز لە (تەریقەت) دێنم دێمە دەرەوەو ڕێگا دەگرمەبەر و دەبم بە (ڕێگر) (هەمان سەرچاوە ٢٩٣)

عەبدوڵا قەرەداغیش لە پەرتوکەیدا بە ناوی (دەیری عیشق)دا وردەکاری زۆری لە بارەی ڕاڤە و لێکدانەوەی وشە و دەستەواژەکانی نێو بەیتەکە و خاڵبەندیشی خستوتەڕو، لە بارەی خاڵبەندییەوە شێوازێکی تر دەخاتەڕو دەڵێت: (نەگەییە دامەنی دەستی، دوعا) واتە: پاڕانەوەکانم نەگەیشتە نزمترین خاڵی دەستی یار. (عەبدوڵا قەرەداغی ٢٠١٢، ٣٣)

نامەوێت زیاتر لەسەر ڕاڤە و لێکدانەوەی بەیتەکە بوەستم، تەنها دەمەوێت بابەت بخەمە سەر خەرمانی لێکدانەوەکانی زانا و ڕاڤەکەرانی شیعرەکانی مەحوی:

١- وشەی دامەن:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

هەڵبەتە بەشێک لە لێکۆڵەرەوان و ڕاڤەکەران دیدوبۆچونی زمانزانانیان دەربارەی وشەی (دامەن) گواستۆتەوە، بەڵام نامەوێت بچمە نێو وردەکارییەکانی نێو بابەتەکە، تەنها ئەوەندە دەڵێم: کە مەبەستی شاعیر لە (دامەنی یار) واتا زمانەوانی و باوەکەی کۆمەڵگا نییە، کە ئاماژەیە بۆ بەشی خوارەوەی مرۆڤ، بەڵکو شاعیر مەبەستییەتی پێمان بڵێت: کە هەمو ئاهونزولە و پاڕانەوەکانم، نەیانتوانی کەمترین سەرنجی یار بەلای شاعیری سوتاودا پەلکێش بکەن.

٢- بەکارهێنانی وشەی (دوعا) جوانبینی و وردەکاری شاعیر دەسەلمێنێت؛ چونکە وشەی (دوعا) لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، کە بەرانبەرەکەشی (نزا)ی کوردییە، بە نزاو پاڕانەوەیێک دەگوترێت، کە لە نزمەوە بۆ بەرز دەکرێت، وەک نزای بەندە لە پەروەردگار، زیاتریش لە حاڵەتی پەنهانی و دور لە کەس و لایەنی داوالێکراو دەکرێت، بەپێچەوانەوەی وشەکانی (ڕەجا و تکاکردن) کە زیاتر بۆ کەسی داوالێکراوی ئامادەبو بەکاردێن، ئەمەش ئەوامان بۆ دەسەلمێنێت، کە شاعیر لە گۆشەگیریدا و دور لە چاو و ئاگایی یاریدا، زۆر سوتاوە و پاڕاوەتەوە و نزاشی بۆ وەسڵی یار خوێندوە! بەڵام هەمو نزا و پاڕانەوەکانی نەیانتوانیوە، کە پەیام و ڕازی پەنهانی بگەیێنن بە یار، هەر بۆیەش بڕیار دەدات واز لەگۆشەگیری بێنێت و ببێتە خاکی ڕێی یار و هەروەک لە دیوانەکەشی هاتوە، کە دەبێتە (ڕێگر) ئەمەش ئاماژەیە بۆ نییەت و ئامانجی عاشق، کە بە ڕاشکاوی پەیامی عیشقەکەی بە مەعشوقەکەی بگەیێنێت.

کە دادی یەئسی خۆمم بردە لا، ئەم عارفە توند بوو

وتی: ئاخر سبەینێ جەژنە؛ خوێنی تۆ لەپێ دەگرم

مامۆستا مەلاعبدالکریم و موحەمەدی کوڕی بەمشێوەیە لێکیانداوەتەوە: کە لەم ڕۆژی عارفەدا دادی خۆمم بردە لای یار، کە بۆچی هێشتومیەتەوە و بۆ نامکوژێ، لێم توند بو وتی: نائومێد مەبە، سبەینێ جەژنی قوربانە، سەرت دەبڕم و دەتکەم بە قوربانی و خوێنت لەجیاتی خەنە لەپێدەگرم و بە ئاواتی خۆتت دەگەیێنم. (مودەریس، دیوانی مەحوی ٢٩٤)

بەدیدی بەندە؛ ئەم لێکدانەوەی سەرەوە، خزمەت بە چوارچێوەی گشتی شیعرەکە ناکات، دوای لێوردربونەوە و بەراوردکردنی بەیتەکانی پێشو پاشی ئەم بەیتە، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی؛ بەمشێوەیەی خوارەوە لێکبدرێتەوە باشتر دەتوانێت غەزەلی شیعرەکە و ئامانج و ڕازە پەنهانەکانی شاعیر دەربخات:

دوای ئەوەی شاعیر لەگۆشەگیریدا دوعا و نزای زۆر بۆ وەسڵی یار دەکات، بەڵام ئەنجامی نابێت، بڕیار دەدات بچێتە سەر ڕێگای مەعشوق و باسی نائومێدی خۆی بۆ بکات، کاتێکیش باسی نائومێدییەکەی بۆ یار دەکات، یاریش وادەی قوربانیکردن بە عاشقی شاعیر ڕادەگەیێنێت و دەڵێت: بەیانی وادەی قوربانییە و خوێنی تۆ دەکەمە قوربانی گەیشتنی خۆم بە مەنزور و ڕاز و نیازی خۆم.

بەپێی لێکدانەوەکانی بەندە؛ ناوەڕۆکی ئەم بەیتە هیچ پەیوەندییێکی بە ڕۆژی عەرەفە و جەژنی قوربانەوە نییە، بەڵکو بەکاهێنانی ئەم دو دەستەواژەی لەمیانەی ئەم بەیتەدا، تەنها درکە و ئاماژەیە بۆ قوربانیکردنی مەعشوقی شاعیر بە خودی شاعیر، ئەمەش بۆ گەیشتنی بەڕاز و نیازی خۆی، من پێموایە شاعیر دەیەوێت بێباکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

مەعشوقەکەی بەیان بکات هەربۆیەش لەبەیتی دواتردا باس لە ڕوزەردی خەجاڵەت دەکات، هەڵبەتە ڕونە وشە و دەستەواژەی خەجاڵەت لە کوردەواریدا بۆچی بەکاردێت. شاعیریش دوای گۆشەگیرییێکی زۆر، بڕیاری ڕاگەیاندنی عیشقەکەی بە مەعشوقەکەی دەدات، دوای ڕاگەیاندنەکەش و بێباکی و کەم ڕویی مەعشوق بۆ عاشقی عاریفی سوتاو، دوچاری شەمەزاری و خەجاڵەتی ناوەکی دەبێت.

لە ڕووسوریی عیبادەت لام و ڕووزەردی خەجاڵەت مام

بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم

لە دیوانەکەیدا هاتوە: لە سەربەرزی و ڕوسوری خواپەرستی کلام و ڕوزەردی شەرمەزاریم بۆ ماوەتەوە. باخەوانەکەم، کە خوایە بە ناوی سێوەوە منی ناشتوە، کەچی من بەهێ دەگرم.

ئەو ڕوسوری خواپەرستی لە من دەوێ، کەچی من بەهێی شەرمەزاری و ڕوزەردی بۆ دێنمە بەر.(هەمان سەرچاوە ٢٩٤) هەڵبەتە نامەوێت بچمە نێو وردەکارییەکان و شیکردنەوەی وشە و دەستەواژە نارونەکانی نێو بەیتەکە، چونکە لێکۆڵەرەوان و ڕاڤەکەرانی شیعرەکانی مەحوی، بە ئەندازەی پێویست بەم کارە هەڵساون و لایەنە جوان و ڕەوانبێژییەکان و درکە و خواستنەکانی نێو بەیتەکەشیان ڕونکردۆتەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم: ناوەڕۆکی لێکدانەوەی دیوانەکەی مەحوی بۆ ئەم بەیتە، کتومت پالپشتی لێکدانەوەکانی بەیتەکانی سەرەوەی ئێمە دەکات، چونکە شاعیر دوای ئەوەی شکاندنی دیواری گۆشەگیری بەردەدات و دادی نائومێدی و ڕەنجی کونجی تەریقەت دەباتە لای یار و ناتوانێت سەرنجی یار بەلای خۆیەوە کێش بکات، هەست بە شەرمەزاری دەکات و ئەم بەیتە دەهۆنێتەوە.

لەسەرخۆچوونە، شەیدا بوونە، قورپیوانە، سوتانە

هەتا مردن مەحەببەت ئیشی(ئێشی) زۆرە ڕیزی لێدەگرم

لە دیوانەکەی مەحوی "بە لێکدانەوەکانی پێشو"دا هاتوە: دڵداری تا دڵدار دەدا بە کوشت گەلێ دەردی و مەینەتی دێنێتەڕێ، منیش بڕیارمداوە؛ ئەو هەمو دەرد و مەینەتانە قەبوڵ بکەم و ڕیزیان لێبگرم، یەک لە دوای یەک توشیان ببم. (هەمان سەرچاوە ٢٩٤)

بە ئەندازەی پێویست و زیاتریش لەبەردەمی ئەم بەیتەیە وەستاوم و ویستومە؛ وشە و دەستەواژەکانیشی بخەمە ژێر وردبین و سەرنجەکانیشم بۆ ئاشکرادنی خاڵی نهێنی و ئامانجە شاراوەکانی شاعیر چڕکردۆتەوە! گەلێ جاریش لەخۆم پرسیوە؛ هۆکار چییە؛ شاعیر دوای چوار بەیتی جیاواز و ئەرکئامێز، چوار وشە و دەربڕینی جیاوازیشیان بەدوادا دەهێنێت؟ ئایا ئەم وشە و دەربڕینانە چ پەیوەندییێکیان بەیەکەوە هەیە؟ ئایا هیچ پەیوەندیەکی تەواوکاری لە نێوانیان و بڕگە و بەیتەکانی پێشودا هەیە؟ ئایا لە پشت هەڵبژاردنیان و ڕیزکردنیان بە دوای یەکتریدا، هۆکار و ئامانجێکی دیاریکراو هەیە؟

هەمو ئەو پرسیارانە وایانلێکردم؛ بە دوای سەرنج و ڕاڤە و بۆچونی لێکدەرەوان و توێژەرانی پێش خۆمدا بگەڕێم، بەداخەوە هیچ شتێکی ئەوتۆم دەستنەکەوت؛ تینویەتیم بشکێنێت، ئەمەش وایلێکردم زیاتر سەرنجەکانم



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

چرپکەمەوە، تادواجار گەیشتمە ئەو بڕوایەی، کە مەحوی شێوازی جوانکاری (پێچان و کردنەوە)ی لەم بەیتەدا بەکارهێناوە.

(پێچان و کردنەوە*بریتییە لەوەی چەند وشەیەک بە دوای یەکدا بێنیت، دواتریش چەند وشەیێکی تر بە دوای یەکدا بێنێت، هەر یەکێک لەم وشانەی دوایی، بەپێی ڕیزبەندی سەر بە یەکێک لە وشەکانی پێشون).

هەڵبەتە هونەری "پێچان و کردنەوە" یەکێکە لە ئامرازەکانی جوانکاری ڕەوانبێژی، شاعیرانی کوردیش ئەم هونەرەیان وەک ئامرازی جوانکاری لە دەقە شیعرییەکانیاندا بەکاریانهێناوە، ئەم ئامرازەش بەسەر دو شێوازو مودێلدا دابەش دەبێت:

بەدیدی بەندە هەر یەکێک لەم وشە و دەستەواژانەی لە نیودێڕی بەیتی پێنجەمدا هاتون، دەگەڕێنەوە بۆ یەکێک لە بەیتەکانی پێشو، بەڵام بەر لەگەیاندن و ڕاکێشانی هێڵی پەیوەندی بە نێوان هەر یەکێک لە وشە و بەیتە گونجاوەکان، بە باشی دەزانم تیشکێکی خێرا بخەمە سەر واتای وشەکان:

**شەیدابون**: لە فەرهەنگی خاڵدا هاتوە، کە شەیدا بە کەسێک دەگوترێت، کە لە خۆشەویستی کەسێک، یان شتێکدا شێت بوبێت(خاڵ ٢٠٠٥، ٣٠٢)

هەژاریش دەڵێت: بە دینی ئەوین، یان دیوانەی عەشق دەگوترێت(موکریانی ١٣٦٩، ٤٩٥)

مەردۆخیش دەڵێت: بە کەسی سەرگەردان و شێت دەگوترێت(ڕەئوف ڕەهنمون، فەرهەنگی مەردۆخ، ١٥٢)

**لەسەرخۆچون**: لە فەرهەنگەکانی هەنبانەبۆرینە و خاڵدا هاتوە، کە بە مانای بێهۆشکەوتن و دارانەوە و دڵ لەخۆچون هاتوە، لە هەر یەکێک لە فەرهەنگی خاڵ و هەنبانەبۆرینەدا بە واتای بێهۆشبون هاتوە. (موکریانی ١٣٦٩، ٤٩٥)و(خاڵ ٢٠٠٥، ٣٠٢) بەپێی ئامرازی جوانکاری ئاماژەبۆکراو دەگەڕێتەوە بۆ بەیتی چوارەم کە دەڵێت:

لە ڕووسوری عیبادەت لام و ڕووزەردی خەجاڵەت مام
بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم

بەپێی واتا و لێکدانەوەکانی سەرەوە بۆ وشە و چەمکی "لەسەرخۆچون" و ئەم پەیوەندییەی لە نێوان واتای وشەکە و ناوەڕۆکی بەیتی چوارەمدا هەیە؛ شاعیر دەیەوێت؛ پێمان بڵێت: کە بە هۆی ڕوزەردی تاوان و لادان لە شارێگای خواپەرستی، وەکو کەسی بێ هۆش و هۆشلەخۆچو وایە، کە نازانێت چی دەکات و چی ناکات، ئەمەش وەک ئاماژەی گلەی شاعیر لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆی هەژمار دەکرێت، هەروەک لە شیعرێکدا دەڵێت:

لە ناکەس کارییا، خاکم بە سەر، ڕۆیی بە با عومرم
خودا! تۆ بمژیێنە تا لە بەر قاپی کەسێ دەمرم
بە زایع چوو لە ما لا یعنیٖیا وەقتم هەموو، یەعنی
دەبێ وەقتێ لە بوالوقتێ بخوازم دا تیا بمرم


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

ئەجەل دەورم دەدا: حازر بە! وادەی دەور و تەسلیمە
منی غەفڵەتزەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم
خەیاڵی پووچی دنیا وا دەماخ و دڵمی پێچاوە
قیامەت، هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فکرم
لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکوو منداڵ
لە بەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم
چیە سووچ و گوناهی؟ بۆ چی دەیکاتە جەزاخانە؟
لە قەبر هەڵکەن، هەتا ڕۆژی جەزا دەعوا چیە قەبرم
سبەینێ يُحشرُ المرءُ، براگەل، فرسەتە ئەمرۆ
تەبەڕرا بن لە من، با کەس نەبێ حەشری لەگەڵ حەشرم
لە من نازانم ئێتر نەفسی بەدخۆ چی دەوێ مەحوی
کە بەدکردار و بەدڕەفتار و بەدئەفکار و بەدتەورم
مەگەر بەر مەوجی بەحری ڕەحمەتم خا وەسفی سەتتاری
وەگەرنا، زەحمەتە پا بوونەوەم، نامومکینە سەترم

کاتێک ناوەڕۆکی تەواوی شیعری سەرەوە دەچوێنین بە بەیتی چوارەمی دەقە شیعری "دیارم دەیری عیشقە" دەگەینە؛ ئەو ئەنجامەی، کە کاتێک گلەیی لە ڕەفتارەکانی و سەرزەنشتی نەفسی خۆی دەکات: تەواو وەک کەسێکی لەسەرخۆچو دێتە پێش چاو.(مودەریس، دیوانی مەحوی، ١٨٥)

**شەیدابون**: شاعیر ئەم وشەش وەک هێماییک بۆ بەیتی سێیەم بەکاردێنێت، کە دەڵێت:

کە دادی یەئسی خۆمم بردە لا، ئەم عارفە توند بوو
وتی: ئاخر سبەینێ جەژنە؛ خوێنی تۆ لەپێ دەگرم

هەڵبەتە بۆ کەسێک تێڕابمێنێت و سەرنج بدات؛ لە نێوان "کەسی شەیدا" و "بەردانی ڕێگای تەریقەت و بەرەو پیری یار چون" بۆنە و پەیوەندی هەیە!

مەحوی لە بەیتی دوەمدا، کە دەڵێت:

نەگەییە دامەنی دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی ڕێی
تەریقەی گۆشەگیری بەردەدەم، ئەمجارە ڕێ دەگرم

**قورپێوان:** وشەی "**قورپێوان**" دەبەستێتەوە بە "خاک"بون لە بەردەمی ڕێگای مەعشوق و یاردا، هەروەک لە بەیتێکی تریشدا دەڵێت:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

له ڕێی ئەو شۆخەدا خۆم کردە خاک و پێی نەنا پێما
دەسا خاکی هەموو عالەم بەسەر خۆما نەکەم چ بکەم

مەحوی لەم بەیتەی سەرەوەدا؛ زۆر بە ڕونی وشە و دەستەواژەی "قورپێوان" لە بەرانبەر بە خاکبونی لە بەردەمی ڕێگای یاردا بە کاردێنێت، ئەمەش پاڵپشتی بۆچونی ئێمە دەکات، کە وشەی قورپێوان دەگێڕێتەوە بۆ بەیتی دوەم.

**سوتان**: شاعیر وشەی "سوتان" کە لە کۆتایی نیوە دێڕی بەیتی پێنجەمدا بە کاریهێناوە؛ دەیبەستێتەوە بە بەیتی یەکەم، کە دەڵێت:

دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لە وێ دەگرم
کە من مشتێ چڵ و چێوم، بە چی بم، کەڵکی کێ دەگرم!

بەم گەمە و یارییە هونەری و ڕەوانبێژییەی؛ شاعیری عاریف ئەنجامی دەدات؛ دەیەوێت سەرجەم قۆناغەکانی عیشقمان بۆ بەیان بکات تا دەگاتە کۆتا قۆناغی فەنابون و توانەوە.

دەربارەی نیوە دێڕی دوەمی ئەم بەیتەش کە دەڵێت:

هەتا مردن مەحەببەت ئیشی"ئێشی" زۆرە ڕێزی لێدەگرم.

دیدی جیاواز دەربارەی وشەی (ئیشی) نێو نیوە دێڕەکە هەیە، لە دیوانەکەی مەحوی بە لێکدانەوەکانی مامۆستا مەلا عبدالکریم و موحەمەدی کوڕیدا بە (ئێشی) ڕێنوسکراوە، بەمەش لێکدانەوەی نیوە بەیتەکە بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت: (مەحەببەت و بڕینی قۆناغەکانی عیشق و خۆشەویستی پڕ ئازار و مەینەتییە، لێ شاعیر هەر سورە لە چەشتنی ئازارەکانی خۆشەویستی.

بەڵام بە دیدی بەندە لێکدانەوەی وشەکە بە ئێش و ئازار، پێچەوانەی تەریقە و ڕێگای سۆفیگەرییانەی مەحوییە، چونکە بەپێی ڕێبازی عاشق و عاریفان؛ سوتان و توانەوە و فەنابون لە ڕۆحی مەعشوقدا، پڕ چێژ و خۆشی و مەحەببەتە، بۆیە وای بۆ دەچم، کە ڕێنوسکردنی بە (ئیش) بە واتای ئەرک، نزیکترە لە چوارچێوەی گشتی و غەزەلی شیعرەکە، جگە لەوەش؛ هێنانی کۆمەڵێک وشە و چەمکی جیاواز و ژماردنیان بەدوای یەکتردا و هێنانی پاشگری "زۆر" بۆ وشەکە، بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە شاعیر دەیەوێت؛ پێمان بڵێت: عەشق و خۆشەویستی لە زۆر مەیدان و بواری جیاوازدا دەتوانێت ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕێت و خۆشەویستی و ئاشتی و هێمنایەتی بەناو کۆمەڵگای مرۆییدا بڵاوبکاتەوە، هەر ئەمەش وایلێکردم؛ ئەم دەقە کورت و پڕواتایە بکەمە چەقی لێکۆڵینەوەکەم.

چ شۆخە ئاگرم تێ بەردەدات و پێم دەڵێ: یاشێخ!
بە خاشاکی دەوت شوعلە، عەسامە دەستی پێ دەگرم

لەدیوانەکەی مەحویدا بەمشێوەیەی خوارەوە لێکدراوەتەوە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

یار ئەوەندە عەیار و زۆرزانە ئاگریشم تێ بەردەدات و بە شێخی خۆشی بانگم دەکات، وەک ئەوە کە بڵێسەی ئاگر بەردەبوە چیلکە و پوش و دەیسوتاند و دایدەمرکاندەوە، کەچی دەیوت: بۆیە دەستی بۆ دەبەم، کە وەک عەسام وایە دەستی پێوەدەگرم. (مودەریس، دیوانی مەحوی،٢٩٤)

ئەم بەیتەی دەقە شیعری (دیارم دەیری عیشقە) زۆرترین کاتی گرتوم و زۆر لەبەردەمی وەستاوم و بە چەندەها سەعاتیش لە کات و شوێنی جیاوازدا بیرم لێ کردۆتەوە و هەمو گریمانە و لێکدانەوەکانم خستونەتە بەرچاو، هەمو وشە و دەستەواژەکانیشم چەند جار بەهەمو شێوەکانییەوە ڕاڤەکردون، لەڕوی خاڵبەندیشەوە؛ هەمو شێوەکانم تاقیکردونەتەوە و شوێنگۆڕیشم بە کۆما و خاڵ و نیشانەکانی نیو دەقەکە کردوە، بەڵام بەداخەوە هەر نەگەیشتمە واتای دڵخوازی خۆم و ئەوەشی کە لە دیوانەکەیدا هاتوە؛ زۆر بەدورتری دەزانم لە غەزەل و چوارچێوە گشتییەکەی شیعرەکە، بەڵام نەوەستام و هەر بەردەوام بوم و گەیشتمە ئەو لێکدانەوەی خوارەوە:

شاعیر بەسەرسوڕمانەوە لە جوانی یار لە لایەک و ناهاوسەنگیشی لە لایەکی ترەوە دەپرسێت: ئایا ڕەندییە یار بەو هەمو جوانی و شۆخی و شەنگییەوە ئاگر بەردەداتە گیانم و بە شێخیش بانگم دەکات؟!

شاعیر لە نیوە دێڕی دوەمدا دەکەوێتە دۆخی بەراوردکردن و تانە و تەوسیش لە مەعشوقەکەی دەدات و خۆشی دەخاتە خاڵی بەهێزی و خۆی لەگەڵ ڕەقیبدا بەراورد دەکات و دەڵێت: بەمن دەڵێت: شێخ! کەچی پێشیوایە؛ کە چیلکە و چەوێڵ شوعلە پەخش دەکات و دەشبێتە عەسای دەستی و دەیپارێزێت.

مەحوی ڕەقیب دەچوێنێت بە چیلکە و چەوێڵ! سروشتی چیلکەش وایە، کە نە پۆلوی هەیە، نە بڵێسەشی هەیە، چونکە ڕێک زو ئاگر دەگرێت و زوش دادەمرێکێتەوە و دەبێتە خاشاک و خۆڵەمێش و بۆ گۆچانی دەستیش نابێت، هەڵبەتە مەحوی لە گەلێک شوێن و جێگای شیعرەکانی زەممی ڕەقیبی دەکات، هەروەک دەڵێت:

(حقاً) لە ڕەقیب ئەو بەر و دەرگانە حەرامە
لەو دێوە، کە ئەم تەختی سولەیمانە حەرامە

مەبەستییەتی بڵێت: حەرامە بابای ڕەقیب و بەدکار ڕێشی بکەوێتە بەر دەرگای یار(مودەریس، دیوانی مەحوی،٣٥٧

لەبەیتێکی تردا دەڵێت:

بە ئاهم گەر رەقیبانت بسووتێن ئەی گوڵی ڕەعنا
مەڕەنجە ، تۆ خودا شوعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا

لە دیوانەکەی مەحویدا بە لێکدانەوەکانی مامۆستا مەلا عبدالکریم و موحەمەدی مەلە کەریمدا هاتوە، کە لەم بەیتەدا بەراوردێکی جوان و تیباقێکی مەعنەوی زۆر ورد لە نێوان "بون بە خاک" و "پێ پیانەنان" و لە لایەکی و "خاکی هەمو جیهان بەسەرداکردن"دا لە لایەکی ترەوە هەیە. (مودەریس، دیوانی مەحوی،٣٠٦)

بە کارهێنانی کۆدەکانی (شوعلە، چقڵ، ڕەقیب) لەم بەیتەدا و بەڕێی و خاکبون لە بەردەمی یاردا، دەمانگەیێنێتە هەمان کۆدەکانی سەرەوە لە بەیتی شەشەمی شیعری "دیارم دەیری عیشقە"


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

**پوختەی ئاخاوتن:** مەحوی بەراورد لە نێوان نرخ دانانی یار و گرنگیشی بە ڕەقیبی بەدکار دەکات و بە ناژیری ناو دەبات. لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

کە بمرێ عـاشقی زاری مەلائیک بێن و بیبینن دەڵێن،
ئەم باقە چیلکە ناگرێ یارەب بەری گۆپاڵ

دوبارە بەکارهێنانی "باقە چیلکە" لە بەرانبەر "گۆپاڵ"دا پشتگیری تێگەیشتنەکەی سەرەوەی ئێمە لەمەڕ بەیتەکە دەکات.

کە سینەی ڕیشمی بەو تیغی نازە ئەنجن کرد
وتی: پەژموردەیە ئەم لالەزارە، ئاوی تێ دەگرم

لە دیوانەکەی مەحویدا بە لێکدانەوەکانی مامۆستا مەلا عبدالکریم و موحەمەدی مەلا کەریمدا هاتوە؛ یار کە سینەی بە تیرەی خۆشەویستی زامدارکرد و بەتێغی نازی سینە و دڵی ئەنجن کردم، وتی: گوڵزاری سینەی خوێناویت سیس بوە، بۆیە بە تیغی نازم لەتلەتی دەکەم، تا خوێنی تێبزێت و ئاو بخواتەوە و بگەشێتەوە. (مودەریس، دیوانی مەحوی،٢٩٥)

بەپێی تێگەیشتنی بەندە؛ تەواوی دەقە شیعری "دیارم دەیری عیشقە" بەسەر دو بەش و دو ئاستی جیاوازدا دابەش دەبێت:

بەش و ئاستی یەکەم لە بەیتی یەکەمەوە دەستپێدەکات و بە بەیتی پێنجەمیش کۆتایی دێت، لەم بەشەدا شاعیر باس لە قۆناغەکانی عیشق و خۆشەویستی دەکات و دواتریش وەک باسمانکرد؛ بە ئامراز جوانکاری "پێچان و کردنەوەی نارێک" لە بەیتی پێنجەمدا ئاماژە بۆ هەمو قۆناغەکان و بەیتەکانی پێشو دەکات و کۆتایش بەم بەشە دێنێت.

بەش و ئاستی دوەم لە بەیتی شەشەمەوە دەستپێدەکات و کۆتاییەکەشی بە کۆتایی دەقە شیعرییەکە دێت. شاعیر لەم بەشەدا بە توانج و تانەدان لە هەندێک ڕەفتاری مەعشوقەکەی دەستپێدەکات و باسیش لە ڕەفتاری وەڵامدانەوەی ئەرێنی خۆی دەکات و دەڵێت: لە بری قسەی ڕەق و سارد و بریندارکەر، من بەرق لە یار دەگرم. بەدیدی بەندەش؛ ئەم بەرقەی شاعیر باسی دەکات؛ لە بەیتی شەشەم هەستی پێدەکرێت؛ کاتێک گلەیی لە مەعشوق دەکات، کە بە شۆخی و نازدارییەکەی؛ بێبکانە ئاگری تێبەردەدات و بە شێخیش بانگی دەکات، بەڵام وەک لە لێکدانەوە تایبەتییەکەی خۆمان ئاماژەمان پێکرد؛ شاعیر "ڕەقیب" بە چیلکە و چەوێڵ و خاشاک ناودەبات و بە شایستەی مەعشوقی نازانێت.

لە پاداشتی قسەی سەردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ بگرێ، من بەرقی تێ دەگرم

واتە: لە تۆڵەی قسەی سارد و ناخۆشی وەک بەردی ڕەقی یارانی بێبەزەییدا، منیش هەڵکێشانی ئاخ و هەناسەی گەرم هەیە، کە وەک هەورە بروسکە و بەرقی ئاسمان کاریگەرە و سوتێنەرە(مودەریس، دیوانی مەحوی،٢٩٥)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

شوکر هوشیارە مەحوی، تێ دەگا دنیا خەراباتە

کە بەد مەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم

واتە: دونیا وەک مەیخانە وایە و خەڵکیش وەک سەرخۆش وان، بۆیە هەرچی بکەن، من هۆشیار و ئاگادارمو لێیاننناگرم. (هەمان سەرچاوە،٢٩٥)

## ئەنجام:

دوای گەشتێکی عیرفانی بەناو ژیان و شاکارێکی مەحویدا، گەیشتینە کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە، هەوڵ دەدەین لەمیانەی چەند خاڵێکدا بیانخەینەڕو:

**یەکەم**: تا ئێستاش پەی بە تەواوی لایەنەکانی (عیرفان و خۆناسی و ژیانناسی و خودا ناسی و مرۆڤدۆستی) مەحوی نەبراوە و ئەوەی تائێستاش گوتراوە، یان نوسراوە کەمە و لە ئاست گەورەیی و پاک و بێگەردی جیهانە تایبەتەکەی ئەم شاعیر و عاریفە گەورەدا نییە.

**دوەم**: تا ئێستاش پەی بە بەشێکی زۆری دیوە شاراوە و ئامانجە پەنهانەکانی (شاعیر) نەبراوە، ئەوەی تائێستاش بەردەستە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەقە شیعرییەکانی (مەحوی) کۆمەڵێک هەوڵی ناوازەن، لەسەروی هەموشیانەوە لێکدانەوەکانی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مودەریس و کاکە حەمەی کوڕی، بەڵام بێگومان بۆ گەیشتن بەمەرامەکانی شاعیر، پێویستە پسپۆڕان و لێکدەرەوان زیاتر بەدواداچون بۆ مەبەستەکانی شاعیر بکەن، بەتایبەت ئێستا هۆکار و کەرەستەکانی لێکدانەوە زیاتر بەردەستن و تەکنەلۆژیا و کتێبخانەی ئەلیکترۆنی هۆکاری کاریگەر و یارمەتیدەرن بۆ لێکدانەوەی وشە و دەستەواژەکانی نێو دەقە شیعرییەکان و بەراوردکردنیان بە دەقی شیعری شاعیران و خودی شاعیریش.

**سێیەم**: تەواوی شیعرەکانی مەحوی لەسەر یەک هێڵ (نسق، وەتیرە) نوسراون و بەشێکی زۆری کۆد و ژمارە نهێنییەکانی نێو دیوانەکەی پەیوەندیدارن بە یەکتر، بۆیە پێشنیاز دەکەم؛ لێکدەرەوان و ڕەڤەکەران پشت بە میتۆدی بەراوردکاری تەواوی شیعرەکانی نێو دیوانەکەی ببەستن.

**چوارەم**: بەپێی دیدی مەحوی (مەحەببەت و خۆشەویستی) ڕێباز و ڕاڕەو و پرۆگرامی ژیانە! نەک چەمک و دەستەواژەی ڕوتی نێو کتێب و داستانان.

**پێنجەم**: مەحوی (مەحەببەت) دەکاتە هەوێن و پێشمەرجی هەمو کارێک لە ژیاندا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

# The Phenomenon of Love in the Text of (My Poem is the Love) of Mahwi

**Aram Mohammad Qadir**
Minister of Higher Education and Scientific Research, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This research investigates one of the poetic texts of Mahwi named (my home is love) with giving consideration to the views of teachers and researchers working on his collection. It interprets the poem again and presents some differences including; having new meanings for a number of phrases in the text. This study reveals the comprehension of Mahwi for the concept of (love) and gives a sociological explanation on his perspectives. It also identifies (love) as the way of life.

This study consists of two main chapters: the first chapter focuses on the poet's biography and corresponding to the explanation of the poetic text (my home is love) the second chapter analyzes the content of the (love) concept.

**Keywords:** Mahhabbat, Love, Burning, Spirituality, Forgiveness.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17**

## سەرچاوەكان:

قورئانی پیرۆز
بۆرەکەیی، صدیق ۲۰۰۸، مێژووی وێژەی کورد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
حەمەد عەبدوللا خدر ۲۰۱۸ دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەرایی، چاپی چوارەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
خاڵ، شێخ موحەمەد (۲۰۰۵) فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس.
خەزنەدار، مارف ۲۰۰۱، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر.
رومی، مەولانا جەلال الدين محمدی بەڵخی، دیباجه مثنوي معنوي.تاران.
سجادی، علاء الدین۱۹۵۲، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معروف، بەغدا.
قەرەداغی، عەبدوڵا۲۰۱۲، دەیری عیشق،زنجێرە کتێبی کۆڤاری کۆچ ۱۱، چاپی یەکەم.
گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی۲۰۱۳، بەهاری ڕەوانبێژی" واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری"، چاپی یەکەم، منتدى اقرأ الثقافي.
مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، ۱۳۹۲ی هەتاوی، دیوانی مەحوی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئانا، سنە،ئێران.
مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، بنەماڵەی زانیاران، تاران.
مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، دیوانی مەحوی (موحەمەدی مەلا کەریم)، چاپی پێنجەم، انتشاراتی کوردستان سنه.
موکریانی، هەژار (۱۳٦۹) هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، چاپخانەی پویا، تاران.
مەلا کریم، محمد ۱۹۷۰، دیوانی بێخود، بەغداد.
ابن القيم الجوزية ، ابن قيم٢٠١٩، الدين روضة المحبين ونزهة المشتاقين، دار ابن حزم، بيروت، لبنان.
ابن القيم الجوزية ، امام شمس محمد بن ابي بكر بن ايوب الدمشقي الحنبلي ٧٥١هـ ، الدين روضة المحبين و نزهة المشتاقين، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.
ابن عربي، محى الدين، الفتوحات المكية ألجزء ألثالث ،دار الكتب العلمية، البيروت، لبنان
الأندلسي، على بن حزم،٢٠١٢ طوق الحمامة في الألفة والالاف، الطبعة الأولى، مؤسسة هنداوي للعيلم والثقافة.
زكي بك، محمد أمين١٩٣١، خلاصة تاريخ كرد وكردستان، مطبعة السعادة، مصر.
شهاب الدين، أحمد بن عبد الوهاب النويري ٢٠٠٤، نهاية الإرب في فنون الأدب، دار الكتب العلمية.
صادق، عادل١٩٩٣، معنى الحب، مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع .
کاکەی فەلاح، ١٩٧٤، نبذة مختصرة عن حياة الشاعر الكردي المعروف والعالم الديني الكبير الملقب بمحوي، مجلة المثقف الجديد، العدد ٢٢.
سنن ابن ماجه الجزء الثاني رقم الحديث (١٨٤٧).
سنن أبي داود الجزء الرابع رقم الحديث (٤٩٤٣).
صحيح البخاري الجزء الخامس رقم الحديث (٥٨١٦).
صحيح مسلم الجزء الأول رقم الحديث (٥٤).
مسند أحمد بن حنبل، الجزء الثانى رقم الحديث (٦٧٣٣).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17

## پەراوێزەکان:

[*] ١. پێچان و کردنەوەی ڕێک (اللف والنشر المرتب): بەپێی ئەم شێوازە؛ بەستنەوەی هەر وشەیەک لە وشەکانی کۆمەڵەی کۆتایی و دوەم، پێویستە بەپێی ڕیزبەندی هەمان وشەکانی کۆمەڵەی یەکەم و سەرەتا بێت، وەک ئەوەی لە دەقێکی نالیدا هاتوە:

ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەل و گوڵخەنی ئەمەل

هێندێ بوو بە مەسجید و هێندێ بە مەزبەلە

لە نیو دێری یەکەمدا دەڵێت: ئەم ئەرضە مەزرەعەی عەمەل و گوڵخەنی ئەمەل

لە نیوە دێری دوەمیشدا دەڵێت: هێندێ بو بە مەسجید و هێندێ بە مەزبەلە

مەسجید لەگەڵ مەزرەعەی عەمەل دەگونجێت، مەزبەلەش لەگەڵ گوڵخانی ئەمەل، لەم بەستنەوەی وشەکانی هەردو کۆمەڵەکە بە یەکترییەوە رەچاوی ڕیزبەندی کراوە.

٢. پێچان و کردنەوەی ناڕێک (اللف والنشر المشوش): بەپێی ئەم شێوازە؛ بەستنەوەی هەر وشەیەک لە وشەکانی کۆمەڵەی کۆتایی و دوەم، بە وشەکانی کۆمەڵەی یەکەم و سەرەتا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی ئەنجامدراوە، وەک ئەوەی لە دەقێکی تری نالیدا هاتوە:

غوباری ئەو شەو ڕۆژە ڕدێنی ماش و برنج

کە تێکەڵن، شەبەهی صوبح و شام و شیر و قیر

لە سەرەتای نیوە دێری یەکەمدا وشەی "شەو ڕۆژ" هاتون، دواتریش وشەی "ماش" بەرانبەر بە وشەی "شەو" و وشەی "برنج"یش بەرانبەر بە وشەی "ڕۆژ" بەکارهێندراوە، بەڵام لە نێوە دێری دوەمدا ئەم ڕێکی و ڕزبەندییە نەماوە و تێکدراوە، چونکە وشەکانی "صوبح و شیر" بەرانبەر ڕۆژ و وشەکانی شام و قێر"یش بەرانبەر شەو، بەناڕێکی بەکارهێندراون. (گەردی، ٢٠١٣، ٣٢١-٣٢٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(4).Paper17